لە چەند کاتژمێری داهاتودا هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی بڕییەوە بە بەندەری جەیهان دەستپێدەکاتەوە.



وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند، لە چەند کاتژمێری داهاتودا هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی بڕییەوە بە بەندەری جەیهان دەستپێدەکاتەوە.

حەیان عەبدولغەنی، جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە و وەزیری نەوت لە ڕاگەیەندراوەکدا باسی لەوەکردوە، ئەمڕۆ هەینی سەردانی بەندەری خەر زوبێیر-ی کردوە بۆ پێداچونەوە بە کارەکانی بەستنەوەی بڕی غاز و دێنیابونەوە لە تەواوبونی کارەکانی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان.

ئاماژەی بەوەشکردوە، لە چەند کاتژمێری داهاتودا هێناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوت (SOMO) لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە دەگەینێت.

بەپێی وتەی حەیان عەبدولغەنی، لە قۆناغی سەرەتاییدا ڕۆژانە 185 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەناردە دەکرێت و دواتر بەهەکەی زیاد دەکرێت تا دەگاتە ئەو ئاستەی لە یاسای

بودجه‌ی فیدبا‌ی عراقدا دیاریکراوه.